# گرافیکی گۆیا



د. محەمەد عارف

٤٢




کەم هونەرمەند لە جیهاندا، توانیویەتی لە بوارە دەوڵەمەندو هەمەجۆرەکانی هونەری شێوەکاریدا، وەک هونەرمەندی مەزنی ئیسپانی (گۆیا ) سەرکەوتوو بێت، هونەرمەندی نیگارکێش و گرافیک و ماستەری هونەری دیواربەند (MURAL ART)بووە، (گۆیا ) لەو کاتەی کە نازناوی (هونەرمەندی یەکەمی کۆشکی شاهی ئیسپانیای) هەبووە، لەهەمانکاتدا نزیکترین نیگارکێش بوو لە هەژارو چینی کرێکارو چەوساوەکان، لەکاتی داگیرکردنی ئیسپانیا ، لەلایەن فەرەنسییەکانەوە ، هونەرمەند وەک هاووڵاتییەکی نیشتمانپەروەر بەرگری لە خاکی پیرۆزی ئیسپانیا کردووەو دڕندایەتی لەشکری فەرەنسی و لە سێدارەدان و کوشتن و بڕینی ئەوانی لە تابلۆکانی بەرجەستە کردووە، کە هەتا هەتایی وەکو دیکۆمێنتی هونەری دەمێنێتەوە.

لێرەدا بەشێوەیەکی تایبەتی زنجیرە گرافیکی ناو : (کارەساتی جەنگ دەهێنین) کە لە ٨٣ لیست پێکهاتووەو بۆ نموونە لیستی ژمارە (٣٩) پێشکەشی خوێنەرانی هونەردۆستی گۆڤارەکەمانی دەکەین.



گۆیا. زنجیرەی گرافیکی: (کارەساتی جەنگ) لیستی ژمارە (٣٩). ١٨١١ - ١٨١٢



أسماء الألوان / ٤٨٤ هونەري / الصفحة: ٤٥ / ٣/١١/٠٨ / 10:11 PM



## ئیلكای ئاككایا:

# كورد لە بواری موزیک و ئەدەبیات پێشكەوتوون

هونەرمەند ئیلكای ئاككایا بە ناوەندی چاندی میزۆپۆتامیا بەشداری گفتوگۆ و كۆنسێرتێكی كرد و دەربارەی ژیانی خۆی و موزیک پەیڤی ئاككایا دەربارەی موزیكی كوردی گوتی: لە بواری ئەدەبیات و موزیكدا كورد چاندێكی پێشكەوتووی هەیە بۆ ئەم پێشكەوتنەش خەباتێكی درێژخایەنی بۆكراو ئەمڕۆش ئەنجامەكەی بەدەست هاتووە ئاككایا هەروەها رایگەیاند: ئەو لەتەمەنی منداڵیدا پەیوەندی لەگەڵ موزیک بەستووەو هەرچەندە دایک و باوكی نەیانخواستووە ئەم پەیوەندییە هەبێت، هەروەها ئاككایا باسی خەباتی خۆی و ئەحمەد كایا و باسی پڕۆژەو چالاكییەكانی گروپی رامانی كرد.

ئا: بێرند



أسماء الألوان / ٤٨٤ هونةري / الصفحة: ٤٦ / ٣/١١/٠٨ / 10:11 PM

ئاککایا ئەوەشی ئاشکرا کرد ئەو ویستوویەتی دەست لە موزیک بەردات وتیشی لە ساڵی ١٩٨٨ ئەو کاتەی لەگەڵ گروپی رامان کارمان دەکرد دوو ئەلبوممان دەرخست ئەوکاتەی کێشمەی پراکتیکیمان بۆ دروست بوو، ئێمە ناچار بوین ئەم رۆژانە تێپەڕێنین. ئیتر ئەو کاتە بیرم لەوە کردەوە بگەڕێمەوە دەست بەکاری رۆژنامەگەری بکەم، بەڵام لەلایەن (ئون کاپانیا) بانگهێشت کرام بۆ ئەوەی ٢ ئەلبومیان لەگەڵ ساز بکەم. من سەرەتا قبوڵم نەکرد بەڵام ئەوان زۆر پێداگیرییان کرد، لە کۆتاییدا من وتم موزیک کارێکی بەمشێوەیە نییە دەرگای بەرووی خۆتدا دابخەیت.

بەگوێرەی قسەی ئاککایا ئەو لەگەڵ هەڤاڵەکانی گروپی (کز لدماک) یان دامەزراندووەو یەکەمین ئەلبومیان بەناوی (پرێتی لە مردوو) یان دەرخستووە جگە لە سازدانی ژمارەیەک کۆنسێرت ئیلکای ئاککایا بەمشێوەیە درێژەی بەقسەکانیدا دوای ئەنجامدانی کۆنسێرت پۆلیس ئێمەیان دەخستە ژێر چاودێری دواتر سەرجەم کۆنسێرتەکەیان دەخستە ژێر چاودێری چەندین جار دۆزمان لەبەرامبەر کراوەتەوە ئێمە سەردەمێکی بەمشێوەیەمان دەرباز کرد. ئیلکای کایا لەگەڵ گروپی ناوبراو دەستی بەدەرخستنی ئەلبومی سۆلۆ کرد ئەم پێڤاژۆیەی بەمشێوەیە نرخاند، ئەلبومی سۆلۆ هەموو گۆرانییەکانی هەڵبژاردووە لەلایەنی ئازادیەوە مرۆڤ زیاتر ئاسودە دەبێت، بێگومان منیش دڵم بەم ئەلبومە خۆشبوو. هونەرمەند ئاککایا دەخوازێت لەوەرزی پایزدا ئەلبومێکی تازە دەرخات بۆ ئەم مەبەستەش بایەخی بەخوێندنەوەی گۆرانی کوردی دەدات لەمبارەیەوە گوتی: ئەو کاتەی موزیکی کوردی قەدەغە بوو، ئێمە بۆ ئەوەی پشتگیری لە تێکۆشانی ناسنامەی کوردی بکەین، من گۆرانی کوردیم دەخوێندەووە، بەڵام ئێستا لەبەر ئەوەی زمانی کوردی قەدەغە نییە ئەم کارە ناکەم، لەگەڵ ئەمەشدا من بەڵێنم بە گۆرانی (ئەز کەڤۆکم) داوە بۆ ئەوەی لە سەرەتای ئەلبومەکەم ئەم گۆرانییە بڵێم. ئاککایا باسی لە مێژووی ساڵانی قەدەغەی موزیکی کوردی کردو گوتی: لەبواری ئەدەبیات و موزیکدا کورد پێشکەوتوون لەبەر ئەوەی رەنجێکی زۆری بۆ دراوە. ئێستاش ئەنجامەکەی بەدیار دەکەوێت ئێستا گۆرانیبێژی کورد زۆر بوون بەتایبەت ئەوانەی بەزمانی کوردی گۆرانی دەڵێن و خزمەتی موزیکی کوردی دەکەن بێگومان ئەمەش کارێکی دڵخۆشکەرە.

ئیلکای ئاککایا باسی لە ئەلبومەکەی خۆی کرد لەشڤان پەروەر بەناوی (دەسماڵ) بەم چەند پەیڤە باسی ئەم پێڤاژۆیەی کرد، ئێمە لەگەڵ شڤان پەروەر بەشداریی چەندین کۆنسێرتمان کرد، رۆژێکیان وتمان ئێمە ئەوەندە کۆنسێرتە رێکدەخەین بۆچی ئەلبومێک لەگەڵ یەکتری دەرنەخین، بۆ ئەمەش دوای دوو مانگ خۆمان لە ستۆدیۆ دۆزیەوە و (دەسماڵ)مان دەرخست.



# فیلمێکی دیکۆمێنتاری لەبارەی کوردەکانی سوریا

ئا: بێرند



زۆرجار فشار و زۆرداری لەسەر کوردەکانی سوریا، ئەگەر بەکەمیش بێ، دەزانرێ. بەڵام رەنگە هەندێکیش نەیانبیستبێ، بەڵام راستییەک هەیە لە سوریا، دیموکراسی و مافی مرۆڤ بۆ کوردان نییە . ئەمرۆ نزیکەی ٢ ملیۆن کورد لە سوریا دەژین . دەوڵەتی سوریا لە ١٩٦٢ بڕیارێکی داوە نزیکەی ١٥٠ هەزار کورد بێ ناسنامەن . کاربەدەستانی سوریا بۆ ئەوەی کوردەکان ئاسیملە بکەن کوردەکان ناچارکراون لە نێو سوریادا سەرگەردان بن عەرەب لە شوێنیان نیشتەجێکراون .

ژمارەی ئەو کەسانەی کە کوردن و تەمەنیان ٤٣ ساڵەو بێ ناسنامە دەژین ژمارەیان دەگاتە ٣٥٠ هەزار کەس . سوریا تا ئێستا ناسنامە بەکوردان رەوا نابینێ . لەم رەوشەدا کورد ناتوانن کارگەیەک دابمەزرێنن، ماڵێک بکڕن . هەروەها ناتوانن سەردانی وڵاتێکی دیکە بکەن . هاوکات ئەم کوردانە مافی دەنگدان و بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردنەکان نییە . منداڵی کوردان دەچنە قوتابخانە بڕوانامە وەردەگرن بەڵام لە هیچ شوێنێک دانامەزرێن . دەوڵەتی سوریا بەهەموو شێوەیەک کوردەکانی بێدەنگ کردووە .

یەکێک لە کوردەکانی سوریا لە تورکیا دەخوێنێ، ناوی راستەقینەی خۆی نادرکێنێ لەبەر ئەوەی بەگوێرەی یاساکانی سوریا ئەگەر ئێوە وێنەی دیمەنێک بگرن، دەستگیر دەکرێن و رووبەڕووی فشارێکی زۆر دەبێتەوە . لەبەر ئەمەش ناوی باپیری جوان بەکاردێنێ . باپیری جوان دەربارەی دانیشتوانی گوندە کورد نشینەکانی سوریا بەڵگە فیلمێکی ئامادەکردووە .

ئەم فیلمە بەناوی رۆژێک لە گوندی کوردنشینەکانی سوریا بەرهەمهێنراوە. جوان ئەو کاتەی دیمەنەکانی ئەم وێنەی گرتووە، بەردەوام لەدڵەڕاوکێدابووە، زۆر بەوریاییەوە کامێراکەی بەکارهێناوە، نەوەکو کەس ببینێ . جوان لە رێگەی ئەم بەڵگە فیلمە پەردە لە ژیانی کوردەکانی سوریا لادەدات، وەڵامی پرسیارەکان بەرەنگدانەوە (بەوێنە) . باپیرە جوان دەرهێنەری فیلمەکە دەربارەی فشاری دەرهێنانی بەڵگە فیلمەکە دەڵێت: ئەگەر تۆ دەستگیر بکەن لەکاتی وێنەگرتندا، راستەوخۆ بۆ زیندان رەوانەت دەکەن . بەلایەنی کەم دوو ساڵ لە زیندان دەمێنیتەوە . دەرهێنەری فیلمەکە لە مژاری فیلمەکەیدا، ژیانی عەشیرەتەکانی خستۆتە بەرچاو، لایەنە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکانی . بەڵام باپیرە جوان رای وایە لایەنە نەرێنییەکانیان زۆرترە بەڵام بەگشتی کوردان لەم ناوچەیەدا چارەنووسی خۆیان و عەشیرەتەکەیان بەیەکەوە بەستۆتەوە . لەبەر ئەوەی هیچ چارەنووسێکی دیکە چاوەڕێیان ناکات . جوان باس لەمەبەستی دەرهێنانی فیلمەکەی دەکات و دەڵێت: هەمووکەس کوردی سوریایان لە بیرکردووە، هەروەها دەڵێت: کەس لەکوردی گوندنشینەکان تێناگات و لەکۆمەڵگا دابڕاون . هەروەها گوتیشی، ئێمە بەردەوام ویستوومانە راستی بێنینە زمان، بەڵام تا چ رادەیەک توانیومە راستییەکان باسبکەم ئەم بڕیارە بۆ بینەران دەگەڕێتەوە. باپیرە جوان هەروەها گوتی خەڵکانی ناوچەکانی کوبانی، قامیشلی، روها، ماردین، وەکو یەکتری دەژین پەیمانگای (Tharwa) پشتگیریی لە وێنەگرتنی ئەم فیلمە کردووە .



أسماء الألوان / ٤٨٤ هونةري / الصفحة: ٤٧ / ٣/١١/٠٨ / 10:11 PM

## خانمە هونەرمەندی کورد

## ئایفەر دوزداش :

# موزیک چێژ و تامی ژیانە



ئایفەر دوزداش هونەرمەندێکی لاو و دەنگخۆشی کوردە. ماوەی ١٢ ساڵ دەبێت لە ناوەندی چاندی میزۆپۆتامیا لە نێو کاری مـوزیک و گـۆرانیـدایە.یەکـێکە لەم هونەرمـەندانەی خـاوەن ڕێچکەیەکی تایبـەت بەخـۆیەتی، بە بڕوای ئێش و زامـەکـانی گەلی کورد لەدەنگی ئایفەردا شاراوەیە.ئایفەر دوزداش خاوەنی ئەلبومێکە بەناوی ( لەیلان ) دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئەلبومە گفتوگۆیەکمان لەگەڵی سازکرد.

دیدار/سالحی کەڤربری- ئیستانبوڵ

*** ئایفەر دوزداش خەڵکی کوێیە ؟ لەخێزانێکی چۆن گەورە بووە ؟ئایا لەنێو خێزانەکەیان کەسی دیکە پەیوەندیی بەبواری هونەرەوە هەبووە ؟**

– من خـەڵکی سـیـواسم، دوو خـوشک و دووبرام هەیە.سێ ساڵی خوێندنی سەرەتایم لەگوند خوێند، بەڵام دواتر خێزانەکەمان رووبانکردە ئەستەمبۆڵ لە ئەستەمبۆڵ خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیم تەواوکرد.

*** پەیوەندی ئایفەر دوزداش لەگەڵ موزیک لەگوند دەستییپێکرد ؟**

– بەڵێ لە گوند دەستیپێکرد.هەروەکو گوتم تا تەمەنی (٩)ساڵی من لەگـوند بووم.لەگـوند جگە لەخـوێندن من ئەرکی بەخـێـوکـردنی مەڕەکانم لەسەر شان بوو.من شوانێکی بچکۆلانە بووم بۆ ماوەی سێ ساڵ بێریڤانیم کردووە،لەکاتی لەوەڕاندنی مەڕەکان من گۆرانیم دەگوت ئەوکـات رادیـۆیەکـمـان هەبوو.رادیۆ لە هەمـوو شـوێنێک نەبوو ئەم رادیـۆیە بۆ منداڵان قـەدەغـەبوو.هەرچەندە منیش منداڵ بووم بەڵام ڕێگایان پێـدەدام گـوێ لەرادیۆ بگرم.لەسایەی گـوێگرتن لەم رادیـۆیە زۆرجار گۆرانی کوردیم لە قوتابخانە گوتووە.

*** لەگوند یاخود لە نێو خێزانەکەتان گۆرانیبێژ هەبوون؟**

– لە گوند بەگشتی مەراسیمی (جەمی) هەبوو. لەم مەراسیمەدا پیر یاخود باپیرە تەمبوریان دەژەنی و گـۆرانیـیـان دەگـوت.وەکـو خێزانەکەشمان مامێکم بەناوی حوسێن دوزداش هەبوو بەشێوەیەکی سروشتی گۆرانی دەگوت، بەڵام ئێستا وازیهێناوە، هاوکات دایکم دەنگی زۆر خۆش بوو.کاریگەری لەسەر من هەبووە گۆرانی غەمگین و دڵسوتاوی دەگوت.دایکم زیاتر گـۆرانی دەربارەی ئێش و ئازارەکـانی خێزانەکەمان دەگوت.بۆ نموونە بۆ یادی براکەی گۆرانی دەگوت.

*** پرسـیـارەکـانم دەربارەی مـوزیک بەردەوام دەبێ،ئایا کـەسـێک پشـتگیری لەتۆ دەکـرد.یاخـود یارمـەتیت بدات بۆ هەڵبـژاردنی جـۆری موزیک و گۆرانی؟**

– من بەڕاسـتی قـسـە دەکـەم ، هیـچ کـەسـێک یارمـەتی منی نەداوە ئەوکاتەی دەستم بەموزیک و کـاری هونەری کرد.لەنێـو خێزانەکـەمان هیـچ کـەسـێک یارمـەتی نەداوم مـاڵیـان ئاوەدان بێت ئێـسـتـا کـەس یارمـەتی نادات !لەسـەرئەوەی خـێـزانەکـەمـان ناخـوازن من پەیوەندیم بەبواری مــوزیک و هونەرەوە هەبێت بەردەوام لەدژی من دەوەستن، ناخوازن من لەمبوارەدا کاربکەم.بەکورتی ناخوازن خزمەتی موزیک و گـۆرانی کـوردی بکـەم.لەبەر ئەوەی خـێـزانەکـەمـان دۆست ولایەنگری پارتی کۆماری گەلن،بەڵام دایکم لە هەموویان زیاتر هەستی نەتەوەیی لەلابەهێزە.ئەوکاتەی لەناوەندی چاندنی میزۆپۆتامیا دەستم بەکارکرد گرفـتی زۆر مـەزن سەریهـەڵدا.ڕیاکـسیـۆنێکی توندیان نیـشـانی مندا مـاوەیەکی زۆر لەگـەڵ باوکم قـسـەم نەکـرد،دواتریش هەر قـسـەم لەگـەڵ



أسماء الألوان / ٤٨٤ هونەري / الصفحة: ٤٨ / ٣/١١/٠٨ / 10:11 PM



نەکرد.بەڵام لەبەر ئەوەی موزیک لای من تام و چێژی ژیانە ناتوانم جگە لەموزیک هیچ کاری دیکە بکەم،ئەگەر بڵێین دەست لەموزیک بەردە مانای وایە خۆ لەسەر بان فڕێدەم.

*** ئایفەر دوزداش چۆن توانیوێتی کۆن و نوێی کوردی و تورکی بەیەکەوە گرێدات؟**

–ئەوکاتەی گۆرانی (ساڵانە ساڵانە نەچە سەرئاڤی) م کلیپ کرد گوتیان ئەمە نەوەی ئایشەشانە.چەندین کەسی پرسیاری ئەمەیان لێکردم. ئەمە بۆمن ڕێزێکی زۆر گەورە بوو. بەڕاستی لەڕووی مەعنەوییەوە من واهەست دەکەم. من ئایشەشان وەکو دایکی خۆم دەبینم، دەنگی ئەوم زۆر پێخۆشە و کاریگەری زۆری بەسەر منەوە هەیە.لەبەر ئەمەش لەم ئەلبومەمدا گۆرانیەکانم بەکار هێناوە،هەوڵمداوە سەرجەم کاسێت و بەرهەمەکانی ئایشەشان کۆبکەمەوە.

***بەگشتی موزیکی کوردی چۆن دەبینی،لەگەڵ بەرەوپێشچوونی تەکنیک دەزەن فۆرماسیۆن زیاتر دەبێت؟**

– راستە.منیش وەکو تۆ بیردەکەمەوە جگە لە دەزەن فۆرماسیۆن،ئەرەباسک و خنکاوی بەدی دەکرێت.بەداخەوە ئەو بەرهەمانەی بۆنی ئەرەباسکیان لێوەدێت زیاتر پێشوازییان لێدەکرێت،لەبەرامبەر ئەلبومی رەسەنی کەمتر پێشوازییان لێدەکرێت، نافرۆشین.

*** هەندێک گەنجی کورد هەن بەردەوام لەبارەی هونەری تورکییەوە قسەدەکەن،گۆرانییان بەزمانی کوردییە،بەڵام سەرتاپای ژیانیان لە ژێر کاریگەری هونەری تورکیدایە. تۆ دەربارەی ئەم گۆرانیبێژانە چی دەڵێیت؟**

– ئەم کەموکوڕییەی باستکرد لە نێو هونەرمەندانی کورد هەیە.لەلای من یاخود منیش هەوڵدەدەم تێکڕای زاراوەکانی زمانی کوردی بزانم و بەبێ جیاوازی سەیریان بکەم.هاوکات لە ناوەندی چاندی میزۆپۆتامیا ماوەیەکە ئێمە وەکو هونەرمەندان بڕیارمان داوە تەنها بەزمانی کوردی قسەبکەین.بەڵام ئەمە بەس نییە بۆ ئەوەی خۆمان بە سەربەستی زمانی خۆمان بەکاربێنین.

*** گەورەترین خەیاڵی ئایفەر چییە؟**

– گەورەترین خەیاڵی من ئەوەیە لەدوارۆژدا تیپێکی گەورە و تایبەت بە ژنان دابمەزرێنم.



أسماء الألوان / ٤٨٤ هونەري / الصفحة: ٤٩ / ٣/١١/٠٨ / 10:11 PM

# کرماشان و رادیۆی کوردی

## بەشی سێیەم



**محەمەد کەمانگەر**
**لە تارانەوە تایبەت بە (هەرێمی کوردستان) دەینووسێت**
Mohammad_kamagar@yahoo.com

هەر بۆیە دەبینین بە شوێن شەڕی جیهانی دووهەم و درێژەی مانەوەی هێزە سەبازییەکانی بیانی لە ناوچە سنووریەکانی ئێران، و پێک هاتنی کۆمارەکانی کوردستان و ئازەربایجان خوێندن بە زمانی کوردی و ئازەری دەستی پێکرا.

بەڵام هەر کە دەسەڵاتی پاشایەتی زاڵ بوو بە سەر ئەو ناوچانەدا لەو کارە پێشگیری کرا و دوایی پێ هێنرا.

لە راستیدا پێداگرتنی حکومەتی پەهلەوی لە سەر رێنەدان بە خوێندن بەزمانی کوردی، بووە هۆی بێبەشی کۆمەڵی کورد زمانی ئێرانی لە کەڵک وەرگرتن لە زمانی خۆی بۆ دەربڕینی هەست و هزری لە ئافراندنی شوێنەواری نوسراوەی فەرهەنگی.

بەڵام لەگەڵ ململانەی کار بە دەستانی حکومەتی پەهلەوی لەسەر درێژەپێدانی ئەو بیروڕایە کە بە دژی مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ بوو، دامەزراندنی رادیۆی کوردی بە پێچەوانەی ئەو ئامانجانە کە بەرپرسانی حکومەت بە شوێنیەوە بوون، هەلێکی باش بوو کە هاتن و پەیدا بوونی بووە هۆی بە ئەنجام گەیاندنی خواست و ویستی سەرەکی بەڕێوەبەران و کارگێڕانی ئەو رادیۆە لە بواری گەشەی فەرهەنگ و زمانی کوردیدا.

لە راستیدا هەر کوردێ، ئەو دەنگەی بە دەنگی خۆی دەزانی، بەتایبەت کە رادیۆیەکی زۆر بەهێز بوو و دەنگی دەگەیشتە هەموو شوێن و ناوچەیەک. لەو رادیۆەدا هەموو رۆژێ چەند پارچە شیعر لە شاعێرە کوردەکان بەدەنگی خۆشی بێژەرەکانی بڵاو دەکرایەوە، بە جوانترین شێوەی دەرهێنان و پێشکەش کردنی رادیۆیی.

ئەو شیعرانە لەو کتێبە شیعرییانە دەردەهێنران کە لە وڵاتە جۆر بە جۆرەکانی ناوچەدا چاپکرابوو، بەڵام لە رژێمی پەهلەویدا هەر کوردێک ئەو کتێبانەی بەدەستەوەببایە چەند ساڵ دەخرایە بەندەوە. رادیۆی کوردی ئەو شیعرانەی شاعیرە کلاسیکەکان و زۆر شیعری لاوە بەزەوق و خەیاڵ ناسکەکانی کوردی دەخستە بەردەستی بیسەرانی خۆی.

سەرەتا هەنگاوەکان زۆر بە ئاسپایی هەڵدەگیرا، بەڵام وردە وردە رێگا خۆش کرا. شیعر، گۆرانی، بابەتی جۆراوجۆری فەرهەنگی و مێژوویی، وتاری کۆمەڵایەتی و دەنگ و باس، بە شێ لە پرۆگرامی رادیۆی کوردی بوو کە ژمارەی رۆژ بۆ رۆژ زۆرتری نامەی گوێگران بەڵگەیە لە سەر هۆگریی بیسەر.

دەبێ بوترێ رادیۆی کوردی لەو ساڵانەدا پێشاندەری و رووژانی هەستێ بوو کە لە مێژ بوو لە دەربڕینی سەرسەختانە پێشگیریی دەکرا. ئەو رادیۆیە لە ژیانی ٢٥ ساڵەی خۆیدا خزمەتێکی باشی کرد و لە رێگای پارستن و کەڵک وەرگرتن لە زمانی کوردیدا چالاکانە کاری کرد.

لەو ماوەدا، ١٠ ساڵی دوایی دەورانی گەشە سەندن و کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونی ١٥ ساڵەی پێشووی خۆی دێتە حیساب. بە تایبەت کە لەو دە ساڵە لە هەموو بەشەکاندا، هەڵکەوتووترین کەسایەتییەکان لە بوارە جۆر بەجۆرەکاندا خزمەتیان کردووە.

درێژە پێدانی بێوچانی پرۆگرام و بڵاوکردنەوەی بابەتی جۆر بە جۆر بە زمانی کوردی بەشەو و بەرۆژ، لە سەرانسەری ناوچە بووە هۆی پالێورانی شێوەی قسەکردنی خەڵک لەلایەکەوەو، لەلایەکی ترەوە بە کارهێنان و کەڵک وەرگرتن لە زۆر وشەی لە بیرکراوی زمانی کوردی.

لەبواری هونەری نواندن و شانۆی رادیوییدا، جیلی لاو وتازەپێگەیشتوو فێرکرا بە زمانی کوردییش شانۆگەری دەکرێ وشانۆ نامەشی پێ دەنووسرێ. هەر بۆیە لە ساڵدا بەدەیان چیرۆک و شانۆنامەی رادیۆیی لەلایەن بیسەرانەوە بەرێ





أسماء الألوان / ٤٨٤ هونةري / الصفحة: ٥٠ / ٢/١١/٠٨ / 10:11 PM



دەکرا و جم و جوولێکی تازە لەوبەشەی ئەدەبی کوردیدا بەتایبەت لە نێو لاوەکاندا بەدی هاتبوو.

شیعر، مۆسیقا و گۆرانی لە رادیۆی کوردیدا و گۆڕانکارییەکانی ئەوبەشەی هونەر و شوێندانانی لە سەر گوێگر نیازی بە نووسینی زۆر و لێکۆڵینەوەی جیاواز هەیە کە ئەم وتارە دەرفەتی ئەو باسەی تێدا نییە. بەڵام با ئەوەشمان لە بیر نەچێ هەر لەم بوارەدا ئەگەر ئەم ئیزگەیە و ئەو هەوڵ و کۆششە هونەرییە نەبایە، ئەو گشتە لاوەلێهاتوو و دەنگ خۆشەی کورد کە سەدان گۆرانی خەیاڵاوی و لە بیرنە چوویان تۆمار کرد بەرێیەکیتردا دەڕۆیشتن و دەبوونە لاسایی کەرەوەی گۆرانی بێژە بیانییەکان.

بەکورتی و کورمانجی دەبێ بوترێ رادیۆی کوردی ئێران کە ناوەندو نووسینگەی لە شاری کرماشاندا بوو، بەدرێژایی چارەکەسەدەی تەمەنی خۆی ئەوشتە نەبوو کە بەرپرسانی وڵاتی ئێران دەیانەویست، لە راستیدا بە هەوڵ و کۆششی ئەندامانی بوو بەوشتەی کە گوێگر چاوەڕوانی دەکرد. بنەماڵەی پێک هێنەری ئەو ئیزگەیە هەموو بە شوێن ئامانجێکەوە بوون، ئەوەش خزمەت بە فەرهەنگ و زمانی کوردی و گەشەپێدانی بوو.

ئێستا کە خەریکی نووسینی ئەم وتارەم دێتەوەبیرم کە ئەو رۆژانە گیروگرفتی زۆرمان هەبوو، بەڵام لە پێناو ئەو ئامانجە پیرۆزەدا بە کارەکەمان درێژەمان دەدا. بە تایبەت ئەو دە ساڵە دواییەی تەمەنی ئەم رادیۆیە کە من شانازی بەرێوەبردنیم هەبوو.

بۆ نمونە لە رۆژانی بەڕێوەبردنی ئاهەنگەکانی چێژنی ٥٠ ساڵەی پاشەیەتی ماڵباتی پەهلەوی، گۆرانی و بەزمان کەم دەکردەوە و زۆرتر لە هۆرە و سیاوچەمانە و حەیران و لاوک وشتی وەها کە ریتمێک نەبوو، بەتایبەت موزیکیشی لەگەڵدا نەبوو. کەڵکمان وەردەگرت، تا بەم چەشنە نەیاریی دڵ و بیروڕامان لەگەڵ رژێم و چێژنەکەیدا بەگوێگرەکانمان نیشان بدەین.

بەڕێوەبەری گشتی ئەوکاتەی رادیۆ تەلەڤزیۆنی کرماشان کە لە رێگای مەئموورە نهێنییەکانییەوە ئاگادار کرا بوو، بە مەبەستی تەمێ و سزای زۆرتر بە چەشنێکیتر سکاڵای برد بووە بەر سەرۆکی ساواکی کرماشان، کە من و ئەندازیاران میر ئافتاب و موقیمی و ئیرەجی سەلیمی خەریکی پیلانگێڕانین تا لە رۆژی تایبەتەدا کەشا وتەکانی لە سەر رادیۆ بڵاو دەکرێتەوە، دەنگەکە کپ کەین و نەهێڵێن بگاتە گوێی خەڵک، ئێمە چوار کەس دەسگیر کراین و لە سازمانی ئەمندا خراینە بەر لیپرسینەوە، باوەکو هیچکام ئاگامان لەیەکتر نەبوو، بەڵام بەختەوەرانە درۆی بەڕێوەبەری گشتی بوو بەهۆی رزگاریمان.

هەر لە سەر پیلانی ئێمە بۆ کپ کردنی دەنگی حەمەرەزا شا پرسیار دەکرا و ئیتر کەس باسی ماتەمێنی بەرنامەکانی نەدەکرد، ئێمەش لە ناخی دڵەوە ئەمن و دامودەزگا کەمان دڵنیا کرد کە بە هیچ شێوەیەک لە بیری راگرتن و پەک خستنی وتەی شادانین و ئەوە هەمووی درۆ و دەلەسەیە.

## بە هیوای چاکبوونەوەی مامۆستا سەفوەت جەڕاح

مامۆستای ناسراوو بەڕێز سەفوەت جەڕاح کەپتر لە نیوسەدەیە خزمەتی شانۆو درامای کوردی دەکات، ئێستا کەوتووە، ئەمیش بەهۆی شکانی قاچی هیوای چاکبوونەوە بۆ مامۆستاو هونەرمەند. دەخوازین.

## ڕۆژگارێک



لە راستەوە خوالێخۆشبوو تایەر تۆفیق/ جیهانبەخش کۆیی/ خوالێخۆشبوو رەسوڵ گەردی

هەولێر
١٩٨٥/٢/٢٥
بۆ یەکەمین جار بڵاودەکرێتەوە

**ئەرشیفی**
**جیهانبەخش کۆیی**



أسماء الألوان / ٤٨٤ هونةري / الصفحة: ٥١ / ٣/١١/٠٨ / 10:11 PM

# کارەکتەری نێگەتیڤ لە شانۆو درامای کوردیماندا

خەلیل یابە کەریم

ئاشکرایە شانۆ و دراما ڕەنگدانەوەی واقیعن، نوسەری شانۆیی کۆمەڵگاو کێشەکانی کاریان تێکردووە بۆیە بەشێوەیەک کە ئەو خۆی ئەو کێشەو بەسەرهات و ڕووداوانە کاریان تێدا کردووە وەک ئەو دەیەوێ بەنووسین دەریان دەبڕێ، زۆرجارانیش نووسەر پشت بە هزرو بیری خۆی دەبەستێ لە نووسینی درامایەک یان شانۆییەک، لە وانەیە ئەم ڕووداوانەی کە ئەو خستیتیە سەر کاغەز لە واقیعدا هەربوونیان نەبێ و ڕوویان نەدابێ، گرینگ ئەوەیە لەو کارە درامیانە نوسەر توانیبێ ڕووداو و بەسەرهاتەکان بەشێوەیەکی جوان تێکهەڵکێش بکا، چۆن مافور نەخش دەکرێ و دەچندرێ ئاوا دەقەکە بەشێوەیەکی جوان بنوسێتەوە کە بەر بەرەکانی و ململانێ لە نێوان هێزەکانی خێرو شەڕ بە تەواوەتی سەرنجڕاکێش بێ، هەر خەلەلێک لەڕەسمکردنی کارەکتەرەکان دەقەکە لە نگ دەکات و بەدەقێکی لاواز لە قەڵەم دەدرێ لێرەدا جیاوازی لە نێوان دەقی بەپێزو لاواز دەردەکەوێ هەڵبەتە کەسایەتی دراماکە یان بێلایەنن ئەوەندە کاریگەریان لەسەر ڕووداوەکان نییە کە پێیان دەڵێن کەسایەتی (هامشی) واتە پەراوێزکراو یا ئەوەتە کاریگەرن وەک لەسەرەوە ئاماژەم پێکرد خێرن، یان شەڕن واتە کارەکتەری پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ، ئەو ئەکتەرانەی ڕۆڵی ئیجابی دەبینن لە ناو خەڵکەکە خۆشەویست و بە بەهادەبن، ئەگەر هات و بەردەوام بن لەسەر ئەو ڕێڕەوە ئەوا دەبنە ئەستێرە بەتایبەتی لەسینەما و زنجیرە درامای تەلەڤزیۆنی سەرکەوتوو، بەڵام ئەوانەی ڕۆڵی نێگەتیڤ و شەڕ دەبینن لە ناو کۆمەڵگا بەتایبەتی بە تێڕوانینی خەڵکە سادەکە بەچاوێکی پڕ ڕق و کینە سەیر دەکرێت، هەندێ جار لەوانەیە ئەزیەتیش بدرێن بۆ نموونە من لە هەشتاکان کە ڕۆڵی حسێن بەگم بینی لە شانۆیی درامای محەمەدو سێوێ، کە بینم سێوە پێم قایل نابێ کوشتم، بە تەواوەتی لەلایەن جەماوەرەوە مەکروهبووم، هەر ئەوە نا پاش زیاتر لە دەساڵ ڕۆژێکیان لە زاخۆ دەگەڕامەوە بەقەندیلدا تێپەڕ دەبووم لەوێ لە ئۆتۆمبێل دابەزیم بۆ خواردنگە شەش حەوت زەلام دەوریان دام گوتیان ئەوە حوسێن بەگمان دیتەوە، گوتم من فلانەکەسم حوسن بەگ نیم گوتیان ئێمە ئەوە نازانین سوێندیان خوارد ئەگەر لە کاتیخۆی بەبەردەستیان بکەوتابام دەیان کوشتم، بەڵێ ئەگەر وەک لەسەرەوە ئاماژەم کرد هەر خەلەلەک هەبێ ئەنجامەکەی وادەبێ، لە بنەڕەتدا موعالەجەی درامی هەڵەبوو بەتایبەتی ئەو دەقە فۆلکلۆریەی کە خەڵک هەموو سەربردەکەی دەزانێ، سێوێ ناکوژرێ محەمەد دەکوژرێ یان ڕۆڵی ملازم موحسین لە گەردەلول کە حەمە عەلی خان دەورەکەی بینی هەروەها لە زنجیرە درامای ئارەزوو کە لە دەرهێنانی ئەرسەلان دەروێش بوو کۆمەڵێک ئەکتەری لێهاتوو نواندنیان کرد، بەڵام بەداخەوە لەبەر ئەوەی دەقەکە لاواز بوو، نەزاندرا لەبەرچی زاهیر (هونەرمەند محەمەد سەعید ئیبراهیم) ئەو پیاوە خراپە بوو کە خەڵکی گوندی تێکبەردەدا، یان سەباو لەبەرچی ئەو ئافرەتە خراپە گێرە شێوی نەبوو، هەروەها عارف هونەرمەند (یونس حەمە کاکە) تا کۆتاییش نەزاندرا لەبەرچی ئەوانە کارەکتەری نێگەتیڤ بوون، لە فیلم و درامای جیهانی و عەرەبی ئەو کارەکتەرانە ئەگەر خۆشەویستیش نەبن خەڵک ئەوەندە ڕقی لێیان نابێتەوە، ئەوەتا هونەرمەندانی گەورە ئەکتەرانی لێهاتوو عادل ئەدهەم، محمود ملێجی، فەرید شەوقی، سەلاح مەنسور، سەعید عەبدولغەنی، مەجدی وەهبەو سەلاح قابیل و سەلاح نەزمی و زۆرانیتریش، کە لە ژیانیان زۆربەی زۆری ڕۆڵەکانیان شەڕو نێگەتیڤ بووە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو دەقانەی کە ئەنجام دراون دەقی بەپێزو تەواون، بۆیە، ڕێزو خۆشەویستیان لەلای خەڵک پەیدا کردووە، ئەوە لەلایەک لەلایەکی دیکە خەڵکە میللی و سادەکەی ئێمە بەتەواوەتی لە پەیامی هونەر ناگات لەگەڵ کارە هونەرییەکە تێکەڵ دەبێ جیاوازی ناکا لەنێوان واقیع و نواندن، بۆیە بەرامبەر ئەو حاڵەتانە هەڵدەچن و قسەی ناشیرین دەکەن، ئەوەی ڕاستیبێ تاکو ئێستا ئەکتەری ئێمەی کورد نواندنی نەکەردووە بەپیشە تاکو مەرجەکانی خۆی بەسەر بەرهەمهێنەرو دەرهێنەردا بسەپێنێ، زۆرجاران بەرۆڵێک قایل بوو، چەند ڕستەیەک بووە لە شانۆییەک یان چەند دیمەنێک لە زنجیرە درامایەک لە ئاستی توانای ئەو نەبووە مەبەستی نەبووە ڕۆژێک لە ڕۆژان ببێتە ئەستێرە بەڵکو مەبەستی ئەوە بووە خزمەتێک بەهونەری کوردیمان بگەیەنی و کەرپووچێک لەسەر بناغەی بزاڤی شانۆییمان دانێت مانای ئەوە نییە ئەگەر ئەکتەرێک ڕۆڵی پیاوەکی شەڕانگێز و پیاوکوژ ببینێ، ئەو ئەکتەرە پیاوێکی خراپە، یا ڕۆڵی کابرایەکی قرچۆک ببینێ ئەو کابرایە ڕەزیلەو.. تاد.

لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە سیناریۆ و دەقەکە چۆن نوسراوە و کێ دەیگوازێتەوە سەر شانۆ، یان بۆ سینەماو تەلەڤزیۆن، گرینگی کارەکە لێرە بەدیار دەکەوێ، کارامەیی دەرهێنەرو مۆنتاژکار لەکاری پروفیشینال دەکەوێتە بەرچاوان.





أسماء الألوان / ٤٨٤ هونەري / الصفحة: ٥٢ / ٣/١١/٠٨ / 10:11 PM

# بۆچی شانۆی کەرکووک هەر بە جارێک بێ ئەرشیفە؟



د. فازڵ جاف

ئاشکرایە کە کاری ئەرشیڤی لە بواری شانۆدا لە لای ئێمە تا رادەیەک لاوازە، ئەمە بە شێوەیەکی گشتی هەموو شارەکانی کوردستان دەگرێتەوە، بەڵام سەبارەت بە شانۆی کەرکووک دەکرێت بێ دوودڵی بڵێین هەر بە جارێک ئەرشیفی نییە.

جارێ ئەوەندەی من ئاگادارم کەس کاری بۆ ئەم لایەنە گرنگە نەکردوە، هۆیەکی سەرەکی ئەم بێ سەروبەرییە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تیپی مەشخەڵ لە ڕووی بەڕێوەبەرایەتی و هەڵسووڕاندنەوە، خاوەنی دەستگا و بارەگای خۆی نەبوو، تیپی مەشخەڵ تیپی یەکێتی قوتابییانی کوردستانی لقی کەرکووک بوو. هۆیەکی دیکە کە زۆر گرنگە، هۆی سیاسییە، پاش قەدەغەکردنی هەموو چالاکییەکی رۆشنبیری کوردی لە کەرکووک، ئاسەواری بارەگاو کەلوپەلەکان و ئەرشیف نەدەما. ئەمە لە شارەکانی دیکەدا تەنانەت لە سەختترین بارودۆخدا روونەدەدا. تیپەکان لە بارەگایەکانی خۆیاندا دەمانەوە، کەسانێک هەبوون دڵسۆزانە کاریان دەکرد بۆ پاراستنی دەستکەوتە هونەرییەکانی تیپ و هەموو هەنگاوێکیان تۆمار دەکرد وئەرشیفی تیپەکەیان دەپاراست، نموونەی ئەو کەسانەی هەر بۆ نموونە مامۆستا کاوەی ئەحمەد میرزا لە تیپی نواندنی سلێمانی، دیارە کەسانی دیکەش هەن کە لێرەدا ناویان نابەم، بە راستی پێویستە کار و ئەرکی ئەو کەسانە بەرز بنرخێنرێت ورێزێکی تایبەتییان لێ بگیرێت.

بەڵگەکانی ئەو سەردەمە لە کوێن؟

شانۆگەرییەکانی ئەو ساڵانەی کەرکووک سەرەڕای گرنگییان بە هیچ شێوەیەک ئەرشیف نەکراون. بێگومان ئەم ئەرشیفنەکردنە تەنیا شانۆ ناگرێتەوە بەڵکو هەموو بوارەکانی بزاڤی رۆشنبیریی شاری کەرکووک دەگرێتەوە. هەمیشە ئەم پرسیارانە دێنە ئاراوە: باشە کوا دیکۆمێنتەکانی ئەو چوار ساڵە بە پیتەی ناو رەوتی رۆشنبیریمان؟ کوا وێنەکان؟ بەڵگەکانی ئەو سەردەمە و لە کوێن؟

هەر بە ساڵێک پاش بەیاننامەی ئازار، کۆنفرانسی یەکەمی یەکێتی نووسەرانی کورد لە کەرکووک سازکرا، کە ئەو سەردەمە و ئێستایشی لە گەڵدا بێت بۆ کورد گەورەترین رووداوی رۆشنبیری بوو. ژمارەی بەشداران ودۆستان ومیوانانی کۆنفرانسەکە بە سەدان بوو، لە ناو میوانەکانیشدا جێگای کەسایەتییەکی وەکو شاعیری گەورەی عەرەب محمد مهدی الجواهری دیاربوو.

چالاکی رۆشنبیری لە شاری کەرکووک ئەوەند بە جۆش و بە تین بوو، ئەوەندە بە رەوتێکی خێرادا دەڕۆیشت، کە ئەمڕۆ رەنگە بە زەحمەت لە رەوتی پڕ لە وزەی روشنبیری ئەوکاتە تێبگەین.

لاوانی شانۆکاری کەرکووک لە هەموو گروپێک پتر چاوەڕێی گەشە و شکۆفەی سەردەمی کورتی پاش بەیاننامەی ئازار بوون، ئێستاش ئەگەر لە کەرکووکییەکانی نەوەی حەفتاکان بپرسیت کام سەردەمتان بەلاوە خۆشترین دەورانە، پێموایە زۆربەیان دەڵێن لە حەفتاوە بۆ حەفتاو چوار. ئاهەنگگێڕان بە بۆنەی جاڕدانی بەیاننامەکە، لە هەموو شار وشارۆچکەیەدا سازکرا، بەڵام ئاهەنگەکانی شاری کەرکووک، لە هەموو ئاهەنگێک پتر بایەخی پێدرابوو، لە بەر گەورەیی وقەرەباڵغی ئاهەنگەکە لە ناو شاردا رێکنەخران، بگرە لە دێی حەسار سازکران، دەیان کەڵە گۆرانیبێژی کورد وعەرەبی دەستگای رادیۆ و تەلەڤزیۆنی بەغدا بەشدارییان تێداکرد.

داهێنەرانی شاری کەرکووک ، ئەدیب وهونەرمەندان، زۆر بە پەرۆشەوە چاوەڕێی دەرفەتێکی مێژوویی لەو چەشنە بوون، بۆیە دەیانویست بە چڕی وبە تێری بیژێن، نەیاندەویست کات بە فیڕۆ بدەن، دەیانویست و حەیف و تۆڵەی دەرفەتی لە دەست چووی قۆناخەکانی پێشوو بسێننەوە. بە چی؟ بەوەی لە هەموو بوارەکانی داهێناندا چالاک بن و دەستپێشخەر بن. بۆیە لە هەموو بوارەکانی ئەدەب هونەردا بە پەلە هەنگاویان دەنا، پشتیشیان بە رۆشنبیرییەکی پتەو قایم بوو، رۆشنبیرییێکی کە زادەی کۆمەڵگایەکی فرە کولتوورییە، عەرەبی زانین بۆ هونەرمەندەکان سەرچاوەیەکی مەعریفی گرنگ بوو، کە ئەوان لەو بوارەدا بە توانا بوون.

هەر لە ماوەیەکی زۆر کورتدا، ئاکام وکاردانەوەی هەوڵەکانیان لە بوار و ئاستی جیاجیادا خۆیان نواند، ئەزموون وتاقیکردنەوەکانی ئەدیبانی کەرکووک لە بواری شیعر وچیرۆکدا، کە ئەمە بۆ خۆی باسێکی سەربەخۆیە و زۆر قسە هەڵدەگرێت، بەڵام شانۆ رۆڵی پێشەنگی هەبوو.

هەر پاش جاڕدانی بەیاننامەکە لە ناو کۆڕوکۆبوونەوەی لاواندا باس لە دروستکردنی تیپێکی شانۆیی دەکرا.

یەکێتی قوتابییان وتیپی مەشخەڵ

هێشتا دوو مانگی تەواو بەسەر بەیاننامەی ئازاردا تێنەپەڕیبوو، لاوان و قوتابییانی شانۆکاری کەرکووک تیپێکی شانۆیان دروستکرد وناویان لێنا تیپی شانۆی مەشخەڵ. دەستپێشخەر و بەڕێوەبەری ئەم تیپە یەکێتی قوتابییانی کوردستان بوو. ئەم هەنگاوەی یەکێتی قوتابییان لە ناو چالاکی رێکخراوەکاندا، لە مێژووی کولتووری کەرکووکدا هەنگاوێکی تاکو ئێستا بێ وێنەیە.

گەر سەرنجی ئەو راستییە بدەین: کە یەکێتی قوتابییان چ رۆڵێکی گەورە وکاریگەری لە بزاڤی شانۆ لە کەرکووکدا گێڕاوە، هەموویشی بە دەرامەتێکی کەم و لە سنووری توانایەکی مادیی کەمدا، ئەوجا تێدەگەین کە پشت بەستن بە توانای ئادەمی وهێزی لە بننەهاتووی داهێنانی مرۆڤی خاوەن پەیام، چ رۆڵێک لە بیناى کۆمەڵگادا دەبینێت،

تاکە تیپی سەقامگرتووی شانۆیی لە کەکووکدا لە مانگی ماسی ساڵی حەفتادا، واتە هەر دوو مانگ دوای بەیاننامەکەی ئازار دروست کرا و لە مانگی شەشدا شانۆنامەی "دایکی شەهید"ی لە نووسینی موستەفا پەژار و دەرهێنانی سلێمان فایق، نمایش کرد.

پاش سەرکەوتنێکی جەماوەریانەی گەورە، تیپی مەشخەڵ لە گەرمای مانگی تەمووزدا بە ژمارەیەکی زۆری ئەندامان و هاوکاران وسەرپەرشتکارانیەوە شانۆگەرییەکەیان بە هەمان سەرکەوتنەوە لە شاری سلێمانیدا پێشکەش کرد، نەک هەر ئەوەندە بگرە کاریگەرییەکی باشی لە سەر بزاڤی شانۆیی شاری سلێمانی بە جێهێشت، کەمن لە داهاتوودا هەوڵ دەدەم باسی لێوە بکەم.



أسماء الألوان / ٤٨٤ هونةري / الصفحة: ٥٣ / ٣/١١/٠٨ / 10:11 PM